# ئاوريشم وديباج مەپۆشن، ولە پەرداخ ودەورى زێڕ وزيودا مەخۆن ومەخۆنەوە، ئەوانە بۆ ئەوانە لە دونيادا، ولە دواڕۆژيشدا بۆ ئێمەيە

لە عبدالرحمانى كوڕى ئەبى لەيلاوە دەڵێت: ئەوان لەلاى حوزەيفە بوون، حوزەيفە داواى ئاوى كرد ومەجوسيەك ئاوى بۆ هێنا، كاتێك (حوزەيفە) پەرداخەكەى گرت ودەستبەجێ فڕەى دا ووتى: ئەگەر جارێك يان دووجارى تر نەهيم لە ئەمە نەكردايە !! -دەيويست بڵێت: ئەمەم ئەنجام نەدەدا-، وگوێم لە پێغەمبەرى خودا بووە -صلى الله عليه وسلم- كە دەيفەرموو: «ئاوريشم وديباج مەپۆشن، ولە پەرداخ ودەورى زێڕ وزيودا مەخۆن ومەخۆنەوە، ئەوانە بۆ ئەوانە لە دونيادا، ولە دواڕۆژيشدا بۆ ئێمەيە».

[صەحيحە] [بوخارى و موسليم هاوڕان لەسەرى]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهى كردووە پياوان ئاوريشم بپۆشن بە هەموو جۆرەكانيەوە. هەروەها نەهى كردووە پياوان وئافرەتان لە پەرداخ ودەورى ئاڵتون وزيو بخۆن وبخۆنەوە. فەرمووى ئەوانە بەتايبەتى بۆ ئيماندارانن لە قيامەتدا؛ چونكە ئەوان خۆيان بەدوور گرت لێى لە دونيادا وەكو گوێڕايەڵيەك بۆ خواى گەورە، و كافرەكان بێبەش دەكرێن لە قيامەتدا؛ چونكە چێژيان لە خۆشيە حەرامەكان وەرگرت لە دونيادا، وسەرپێچى فەرمانى خواى گەورەيان كرد.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2985